کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:50 8-10-2007

## دەنگی ئێمەش لەگەڵ دەنگی کاک (عومەر فارس) دایە ... ئەحمەد محەمەد ئابلاخی*

لەسایتی کوردستان نێدا بەڕێز کاک عومەر فارس بەرپرسی ئەو سایتە لە نوسینێکیدا باسی لەبڕینی



هاوکاری میدیای ئازاد دەکات، کە ئەم هاوکاری بڕینە وەك لەمپەرێك بۆ بەردەم میدیای ئازاد دەبوو دەنگدانەوەی زیاتری هەبێت نەك هەر لەو کەناڵانەوە کە هاوکارییەکانیان بڕاوە، بەڵکو لەهەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حیزبی و ئەوانەش کە هاوکارییەکانیان نەبڕاوە و لەسەندیکای ڕۆژنامەنوسانیشەوە کاری بۆ بکرایە، چونکە ئەوە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ کپکردنی دەنگی ئازاد و سەربەخۆ، پێچەوانەیەکی گەورەی دیموکراتیشە.

ئێمە لەرۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی خۆم وەك سەرنوسەر و دە کەسی تر لەم ڕۆژنامەیەدا کار ئەکەین بەبێ موچە و بگرە لەدەمی ماڵ و منداڵی خۆشمان گرتۆتەوە بۆ ڕۆژنامەکە، تا ئێستا خاوەن ئیمتیاز نزیکەی دە هەزار دۆلار و خۆم چوار هەزار دۆلار و سۆران مەحوی چوار هەزار دۆلار لەگیرفانی خۆمان خەرجکردووە و پەناشمان بۆ کاك فاروقی مەلا مستەفا بردووە کە کرێی نوسینگەی ڕۆژنامەکەمانی بۆ داوین و زۆر سوپاسی دەکەین، ڕۆژنامەکەی ئێمە تەنها ڕۆژنامەی کوردی ئەهلی ئازادە لە سەرتاسەری کوردستاندا لەساڵی (1999) ەوە بەردەوامە و تا ئێستا 357 ژمارەی لێدەرچووە بەقەبارەی ئەو ڕۆژنامە حیزبییانەی کە یەکی یەك لەشکر ڕۆژنامەنوسی مشەخۆریان بەدەورەوەیە و ناشتوانن بڵێن لە ڕۆژنامەکەی ئێمە باشتر، هەر ئەم بێ دەرامەتییە وایکردووە کە نەتوانین ڕۆژنامەکە وەك پێویست بگەیەنینە هەموو شوێنێکی کوردستان، ئەو یارمەتییەی کە بۆ ئێمە تەرخانکرابوو مانگی (750) هەزار دینار بوو لە کاتێکدا کە مەسروفاتی تەنها لەچاپدانی مانگێکی (1400000) یەك ملیۆن و چوار سەد هەزار دینارە، ئیتر بۆ خەرجییەکانی تری وەك کارەبا و تەلەفۆن و ئینتەرنێت و کرێی ئۆفیس دەبێت دەست لەخێرخوازان پان بکەینەوە، جگە لەوەی کە هەموو کارمەندەکانی خۆبەخشن و بەپارەی خۆشیان هاتوچۆ دەکەن، کەچی زۆر بەداخەوە ئەو بڕە پارە کەمەش کە باسمکرد لە مانگی شەشی 2007 ەوە نەهاتۆتە سەر حسابەکەمان، دیارە نیازی حکومەتە بەناو دیموکراتییەکەی ئێمە ئەوەیە کەس نقەی لێوە نەیەت و هیچ ڕۆژنامەیەك نەبێت جگە لە دەنگی نازوڵاڵی حیزب کە خەڵکی بەجۆرێك بێزار کردووە تەنانەت نەگوێ لەکەناڵەکانیشیان ئەگیرێت و نە کەسیش ڕۆژنامەکانیان دەخوێنێتەوە جگە لە مورتەزەقەکانی خۆیان.

* سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.